هەر شتێك لە جێگەی خۆی

بەرگرییەك لە هونەرمەندی گەورە زەکەریا

عەبدولموئمین دەشتی- بەرلین

کورت و کرمانجی، هەندێ نووسینم لەم رۆژانە لەو مالپەڕە خۆشەویستە لە بارەی هونەرمەند زەکەریا خوێندەوە، لایقی بیروباوەڕی ئازاد و دێمۆکراسی نین، بە دەست خۆم نەبوو پەندە کوردیەکەم هاتەوە یاد: "کەر لە کوێ کەوتووەو کوندە لە کوێ دڕاوە". ئەگەر بە وردی تەماشای ناواخنی نووسینەکان بکەین، هەڵەبیری و چاوتەنگی و کینەو رقی کوێرانەیان تێدایە.

نازانم تا چ رادەیەك راستە چی بە بەخشش دراوە بە زەکەریای هونەرمەند یان نا، بەڵام ئەگەر راست بێت، پێویست ناکات خۆمان وا تەنگەتاو بکەین و تەڕ و وشك پێکەوە بسووتێنین. دیارە منیش هاوەنگم لەوەی کە ئەوەی لە تواناداید بۆ خێزانی شەهیدان، بۆ ئاوارەی کوردستان، هی گەرمێن و هی کوێستان، هەرچی بکرێت هەر کەمە، منیش لایەنگری ڕەوایەتیم لە کوردستان، وە پێم وایە سیستەمی ناڕەوا گوریسی وەك گوریسی درۆزن کورتە، وەك کۆشکی سەر لمەو خۆ ناگرێت. بەڵام کە ڕەوایەتی لە کوردستان نیە، گوناهی زەکەریا چیە؟؟... گوناهی گوناهی دەسەڵاتە. ئەگە ئەو دەسەڵاتە بە ڕێکەوت یان بە هەر هۆیەك ڕێزی لە هونەرمەندێك نا، ئایا راستە ئەو کارە راستەشی لە رقی کارە هەڵەکانی رسوا بکەین. ئەدی ئێمە هەموو ساڵێك لە یادی هونەرمەندە کۆچ کردووە مەزنەکانمان هەناسەی سارد هەڵناکێشین کە لە ژیان ڕێزیان لێ نەگیراو بە هەژاری و کەنەفتەیی مردن، ئێ دەبا هونەرمەندێك بەختی یار بێت و بە زیندوویی ڕێزی لێ بگیرێت. ئەو نووسەرانە خەریکە دارەکە لە ملی گەورەترین هونەرمەندی ئێستای کورد دەشکێنن، وەك ئەوەی زەکەریا دەسەڵاتدار بێت...

تۆزێك مەنتیق!

ئەوەشتان لەبیر نەچێت، لەگەڵ ڕێزی زۆرم بۆ هەموو هونەرمەندە خۆشەویستەکانی تری، کە هەر یەك بە توانای خۆ خزمەتی کردووە، ئەو هونەرمەندە لاوە، تاکە هونەرمەندێکە لە هەموو گۆشەو کەنارێکی کوردستانی گەورە، لەناو ماشێنەکانی سوریاو تورکیاو ئێران، لە چاخانەو قاوەخانەکان، لە کوچەو مالەکان، دڵی هاونیشتمانیانی کورد شاد دەکات و هەستی خۆشەویستیان پێ دەبەخشێت، ئایە بۆ ئەو کینەو رقە لەو هونەرمەندە خۆشەویستەی گەلەکەمان... با دوو ئەوەندە زەویشی هەبێت... خۆزگە هەموو هونەرمەندەکان ئاوا خەڵات دەکران!

دەسەڵاتی سیاسی لە باری ژیانی گەل لێپرسراوە، نەك هونەرمەند... چیتان هەیە بە سیاسەتمەدارانی بڵێن، نەك لە رقی سیاسەتی چەوت کینەی تایبەتی خۆتان بەو هونەرمەندە مەزنە دەربکەن!